# ڕێپێوانی بەرگری لە زانۆن

ئامادەکردنی: Grupo Alavio

و. لە ئاڵمانییەوە: هەژێن

http://hezhean.blogspot.com

لە 14 سێپتەمبەردا ڕاسپاردەیەک (نوێنەرایەتییەک) لە کارگەرانی زانۆن و ئەندامانی بزووتنەوەی بێکاران (MTD) لە نۆیکوین Neuquén ەوە بەرەو بۆینۆس ئایرێس Buenos Aires کەوتەڕێ، بۆ ئەوەی بەرگرییەکی سەرتاسەری nationale Kampagne بۆ بەرگریکردن لە زانۆن ڕێکبخەن. سەدان کارگەر بەنێوەندی شاردا ڕێپێوانیان کرد و خوازیاری چارەسەری لێسەندنەوەی خاوەندارێتی هەموو کارخانە و کۆمپانیا دەستبەسەرداگیراوەکانی ئەرژەنتین بوون. لە مارسی 2002وە کارگەرانی زانۆن دیاردەیەکیان خستۆتەڕوو: کارگەرانی خۆڕێکخەر/- خۆبەڕێوەبەر تەنانەت باشتر لەوەی لەگەڵ خاوەنکار، بەڕێوەبەر و سەرکاردا بەرهەمیانهێناوە. ڕاسپاردەیەکی پێکهاتوو لە 170 هەڵسوڕاو ( 100 کارگەری زانۆن و 70 ئەندامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی کە کارخانەکە دەپارێزن) سەر لەبەیانییەکەی گەیشتنە بۆینۆس ئایرێس. لە بەردەم دادگەیەکی ئەو شوێنەوە بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی (پارلەمان) : دژی لێسەندنەوە و داخستنی کارخانەکە لەلایەن حکومەتەوە، ڕێپێوانیان کرد. کارگەرانی چاپخانەی چیلاڤێرت Chilavert، کارخانەی جلوبەرگ دوورینی بروکمان Brukman، چاپخانەی کۆنفۆرتی Conforti، خەستەخانەی جەنین Junin-Gesundheitsklinik، خەستەخانەی ئەدۆز Ados-Gesundheitsklinik، کارگەی پێڵاوی Gattic ، کارخانەی ماکارۆنی Sasetru ، کارگەرانی Bauen Hotel و کارگەرانی کارەبایی Renacer ی ئوسوهیا Usuhia هەروا کەسانێك لە ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانی بێکارانەوە لە ڕێپێوانەکەدا بەشدار دەبوون.

کارگەرانی بزووتنەوەی دووبارە کردنەوەی (وەگەڕخستنەوەی) کارخانەکان، داوانامەیەکیان دایە کۆنگرێس (پارلەمان) بۆ چارەسەری لێسەندنەوەی خاوەندارێتی ( خاوەنە کۆنەکان) گشت کارخانە و کۆمپانیا سەرلەنوێ وەگەڕخراوەکان. لەهەمان کاتدا خۆپێشاندەران دەزانن کە بە پێ لەسەرداگرتن، چەندە گرنگە کارخانەکان بەهەر نرخێک بووە بپارێزن – چ بە بوون و چ بە نەبوونی تاپۆی یاسایی. هەفتەکانی ئەم دواییانە پڕمەترسی بوون بۆ کارگەرانی زانۆن. فشار و تەنگ پێهەڵچنین لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی Gouverneurs بۆ سەر کارگەران ، تاوەکو دەست لە کارەکانیان لە کارخانەدا بکێشنەوە و لەبەرامبەردا لە پرۆژەکانی بێکاریدا کاربکەن؛ کارگەگەلی گچکەی دەوڵەتی. پاش سێ ساڵ بەڕێوەبردنی زانۆن لەلایەن خودی کارگەرانەوە، سەرلەنوێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی نۆیکوین Neuquénەوە دەکەونەوە بەر شاڵاو، ئەمە لەم مانگەدا، کە تێیدا کارگەران پێوەری بەرز لەبەرهەمهێنان ، فرۆشتن و کوالیتێت (باشێتی کاڵا)دا دەتوانن تۆمار بکەن. بەر لە ماوەیەکی کورت دادگەرێک، خۆی لەوە بوارد (کێشاوە) کە زانۆن وەک هەرەوەزی (تعاونی)کارگەران بناسێت و کارخانەکە یاسایی (دانپیانراو)بکاتەوە.

ئەم ڕێپێوانە بەشێکە لە ستراتیژی سەرتاسەری بزووتنەوەی وەگەرخستنەوەی کۆمپانیاکان. لە ئەرژەنتیندا بەلانیکەمەوە زیاتر لە 200 کارخانە و کۆمپانیای دەستبەسەرداگیراو نزیکەی 10000 کارگەر کاریان تێدا دەکەن هەن، کە کارخانەی زانۆن لە هەرێمی باشووریی Neuquénیەکێکە لە نموونە پڕکاراکان بۆ ( ئەزموونی بەرهەمهێنان) لەژێر خۆبەڕێوەبەرایەتی

کارگەراندا. لە ئێستادا لە زانۆندا 420 کارگەر کاردەکەن. ئەم کارخانە لە مانگێکدا نزیکەی 3000 میتر کاشی بەرهەم دێنێ. لە مارسی 2002دا 240 کارگەری دامەزراو دەستیان بەسەر کارخانەکەدا گرت. لەو کاتەوە زیاتر لە 180 کارگەری تازە، کەسانێک لە ڕێکخراوەکانی بێکاران، لە کارخانەدا وەرگیراون.

خۆپیشاندەران دەیانووت: تەنیا چارەسەری گونجاو بۆ کارخانەگەلی دووبارە وەگەڕخراو و لێپرسراوەتی وەرگیراو، لێسەندنەوەی خاوەندارێتی (خاوەنکار)ە- لەژێر بەڕیوەبەرایەتی کارگەری –دا، بۆ ئەوەی بێترس لە داخستنەوە و وەرگرتنەوەیان لەلایەن دەوڵەتەوە، بەرهەمیان تێدا بەرهەم بهێنرێتەوە. پاش قەیرانی 20/19ی دێسەمبەری 2001 حکومەت زۆرجار مۆڵەتی بەکارگەرانێک، کە کۆمپانیاکانیان داگیردەکرد، دەبەخشی، تاوەکو کارخانە و نوسینگە داخراوەکان بکەنەوە. لەبەر ئەوەی، کە ئەم مۆڵەتە کاتیانە بۆ 2 ساڵ دیاریکرابوون، مۆڵەتی چاپخانەی Chilavert، چاپخانەی Grissanopolis و لکە کارخانەیەکی بیرە، ئەوانەی کە لەلایەن کارگەرانەوە وەگەڕخرانەوە، لەم ساڵەدا کۆتایی پێدێت. ئەوەی کە حکومەتی ئێستاکانە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە دەکات، ئاشکرا نییە. نارازیان دەریانڕی، کە وان پێیان وانییە، کە حکومەت کاری پڕرێز بۆ بێکاران لە ولاتدا دابین بکات. لەبەرامبەر ئەمەدا سیاسەتێک دەگرێتەبەر، کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانە، سیاسەتێک کە تێیدا هەزاران تووشی تاوان دەکات.

پاش ئەوەی کە ئەرژەنتین لە 2001دا قەیرانێکی دارایی سەخت دایگرتووە. ئابووری ئەرژەنتین لەم کاتەدا جێگیر دەردەکوێ. ئابووریناسەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە ئابووری خۆی دەگرێتەوە، سەرکەوتنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی ناپوختە (انتاج اجتماعی غیرصافی) لە دەرکەوتندایە. هەنووکە وەک پێشان گرفتە ئابووریەکان بێچارەسەر ماونەتەوە، ئەوانەی کە بازاری کاریان بەگشتی گرتۆتەوە. کەچی بەهەرەکێشە بیانییەکان و کۆمپانییە گەورەکان گەشانەوەیەک ڕادەگەیێنن، بەڵام ئەو پەرەسەندنە ڕووناکاتە بازاری کار. لەم کاتەدا ڕێژەی بێکاری نزیکەی 19.5% دایە. لەوانەی کە کاریان هەیە، نزیکەی 15.7%یان بێکارن. بەمجۆرە، نزیکەی 35.2% بەتەواوی گرفتی کاریان هەیە (واتە 5.2 میلیۆن کارگەر).

بزووتنەوەی دەستبەسەرداگرتنی کارخانەکان لە ئەرژەنتین شانازی داهێنانی هەنگاوە سەرەتاییە ستراتیژییەکانی (هەستانەوە)یان ، بۆ بەرگری لە چینی کارگەر بەرامبەر سەرمایەداری پیدەبڕێ، ئەوانەش بریتین لە ئەزموونگەلی خۆبەڕێوەبەرایەتی کەرگەری و ڕێکخراوبوون، ئەوانەی کە لەسەر ڕیگەیەکی تەواو ڕاستەوخۆ دژی پێکهاتەکانی سەرمایەداری (خاوەندارێتی تایبەتی)، یەکە ئاراستەکەرەکانی کۆمپانیاکان بەتەنیا بۆ سوود هەروەک داماڵینی کارگەران لە لێهاتوویی و زانینی (ئامێرەکان) خەباتدەکەن. بەرگری لە زانۆن و هەموو ئەو کارخانانەی لەلایەن کارگەرانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، بکەن! ئەگەر یەکێک لە ئێمە وەرگێڕنەوە، ئەوکات هەمووومان تێکدەشکێن! ( ئەوەی ئێمە دەیخوازین) دەستهەڵگرتنی یەکجارییە لە هەوڵەکانی لێسەندنەوەی گشت کارخانە و کۆمپانیاکان، ئەوانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی کارگەریدا بەرهەم دێنن.

**ZNet 17.09.2004**

وەرگیراو لە: http://zmagsite.zmag.org ZNet

سەرچاوەی یەکەم: http://www.revolutionvideo.org/alavio